مەسعود بارزانی و مەزڕوم عەبدی تاوتوێی هێنگاوەکانی جێبەجێبوونی ڕێککەوتنەکەی نێوان دیمەشق و هەسەدە دەکەن

مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی و مەزڕوم عەبدی، فەرماندەی گشتی هەسەدە لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا تاوتوێی هێنگاوەکانی جێبەجێبوونی ڕێککەوتنەکەی نێوان دیمەشق و هەسەدە دەکەن.

بارەگای بارزانی لە ڕاگەیەندراوەکدا کەدستی موتێع کوتووە، وتی، ئەمڕۆ یەکشەممە، پێیوەندییەکی تەلەفۆنی لە نێوان مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی و مەزڕوم عەبدی، فەرماندەی گشتی هێزەکانی سوریای دیموکرات ئەنجام درا.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، لەو پێیوەندییە تەلەفۆنییەدا باس لە دوایین پێشهاتەکای سوریا و هێنگاوەکانی جێبەجێبوونی ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی سوریا و هێزەکانی سوریای دیموکرات کرا.

وەك لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتوە، لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە جەخت لە چارەسەربونی کێشەو گرفتەکان لە ڕێگەی دیالۆگ و بەرقەراربونی ئاشتی و سەقامگیری لە سوریا کرایەوە.